# خۆپیشاندان‌و مەراسیمەکانی ئایار لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکوك و رانیە

لەماوەیەك بەرلە ئایارەوە هەڵسووڕانی حزب لەشارەکانی کوردستان دەستی پێکرد. لە ڕۆژەکانی 23و 24و25ی مانگ لەشاری سلێمانی‌و دو ڕۆژی دواییان هەروەها ڕۆژەکانی 28و 29و 4/30 لە شاری هەولێر میز کتێبی حیزب دانرا. کە وێڕای کۆمەڵێك کادری حزب لە هەولێر لەلایەن ریبوار عارف‌و لە سلێمانی لەلایەن دەشتی جەمال‌و زمناکۆ عەزیز سەرپەرشتی دەکرا. لە سەر مێزەکە ژمارەیەکی زۆر لە بلاوکراوەی ئۆکتۆبەرو پەیامی ریبوار ئەحمەد لیدەری حیزب‌و ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی کوردستان بە بۆنەی 1ی ئایارەوە بلاوکرایەوەو لە لایەن جەماوەرێکی زۆری هەردوو شارەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا. لە ڕۆژی 27و 28و 29 مانگدا کەمپینێکی فراوانی لافیتە هەڵواسین لە شاری هەولێرو سلێمانی‌و کەرکوك‌و ڕانیەو قەڵادزەو کەلارو جەلاولاو خانەقین‌و دیانە وەرێخرا، کە لەسەریان شیعارەکانی حیزب‌و خواستەکانی کریکاران‌و مامۆستایان‌و فەرمانبەران نوسرابون. خواست‌و شیعارەکان بریتی بوون لەمانە: " نا بۆحکومەتی قەومی- ئیسلامی بەڵێ بۆ حکومەتی ناقەومی‌و عەلمانی"، " لە بەرانبەر گرانی ئەمرۆدا، پیویستە لایەنی کەمی کرێ بۆ کرێکاران‌و فەرمانبەران‌و مامۆستایان، بە 375000 دینار دیاریبکرێت"، " کرێکارانی کەرتی تایبەت پێویستە بیمەی تەقاعودییان بۆ دابین بکرێت"، "جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهێنانی دەولەتێکی غەیرە قەومی‌و عەلمانی خواستی سەرجەم خەلکی کوردستانە"، " پیرۆزبیت 1ی ئایار ڕۆژی هاوپشتی جیهانی کرێکار"، "1ی ئایار ڕۆژی سرینەوەی تەفرقەی قەومی‌و دینییە"، " 1ی ئایار ڕۆژی هاوپشتی‌و پیکەوە ژیانی ئاشتیانە‌و ئینسانیانەی دانیشتوانی کەرکوکە"، "دابەشکردنی پارچە زەوی گونجاو بەسەر کرێکارانی کەرتی تایبەت‌و کۆمپانیا بیانی‌و ناوخۆییەکاندا خواستی سەرجەم کرێکارانە"، " دەستوری هەمیشەیی عێراق دەبیت مافی هاوولاتیبونی یەکسان بۆ سەرجەم دانیشتوانی عێراق دەستەبەر بکات"و...

لە ڕۆژی 30 مانگدا کۆمیتەی بەرپاکردنی مەراسمی 1ی ئایار لە شاری سلیمانی پێشبڕکێیەکی ڕاکردنی ڕیکخست بۆ لاوانی سلێمانی لە گەرەکی رزگاریەوە بۆ بەردەرکی سەرا، کە تیایدا یاریزان " رێبوار محمد یاوەر" لە نادی پێشمەرگە پلەی یەکەمی بەدەستهێناو " ئاری بلال" بە پلەی دووەم لە نادی سیروان و پلەی سیهەم"توانا حمە حسین" لە تیپی بروسك "وە پلەی چوارەم" ڕەنجدەر موحەمەد" لە یانەی سیروان‌و پلەی پێنجەم یاریزان "ئاوات یاسین " لە یانەی پێشمەرگە بەدەستی هێنا، کە لەلایەن سامان کەریمەوە خەڵاتیان وەرگرت‌و میدالیان کرایە مل، هەروەها کاسێك پێشکەش کرا بە نوێنەری بەریوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی شاری سلیمانی بەریز مفەوەزی پۆلیسی هاتوچۆ "شیرزاد صابر" وە هەروەها زمناکۆ عەزیز وێرای سوپاسکردنی پاریزگاری شاری سلیمانی‌و بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی پۆلیس‌و ئاسایشی سلیمانی، لە پاراستنی ئەمنیەتی پێشبرکێکەو بەستنی شەقامی مەولەوی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی پێشبرکێکە، بانگەوازی جەماوەری کۆبوەوەی شاری سلیمانی کرد لە بەردەرکی سەرا، کە ئامادەی مەراسیمی ڕۆژی 1ی ئایار بن لە پارکی ئازادی "سەکۆی ئازاد"، شایانی باسە کە ئەم چالاکی‌و پێشبرکێیە لە لایەن مامۆستا کامەران لە تیفەوە سەرپەرشتیکرا. هەر لە هەمان ڕۆژدا لە مەیدانی کرێکارانی بیناسازیدا لە نزیك بەردەرکی سەرا بەبۆنەی 1ی ئایارەوە شیرینی دابەشکرا. هەر هەمان ڕۆژ وەستا حسین‌و سەعید مستەفا لە مەیدانی کرێکارانی "شەنگاری" لە نزیك مزگەوتی گەورە میتنگێکیان ڕێکخست‌و وێرای دابەشکردنی شیرینی‌و قسەوباس لەگەل کرێکاراندا، سەعید مستەفا وتەیەکی کورتی بە زمانی عەرەبی پێشکەش کردن سەبارەت بە 1ی ئایارو خواست‌و ویستی‌ئەوان‌و لەوانە کۆسپی ئەوان لە نەبونی جیگایەگ بۆ کۆبونەوەی خۆیان‌و بلاوەپێکردنیان لە لایەن پۆلیسەوە.

### مەراسیمەکانی ڕۆژی یەکی ئایار:

سلێمانی: سەعات 5ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 1ی ئایار کۆمیتەی بەرپاکردنی مەراسیمی 1ی ئایار لە "سەکۆی ئازاد"ی پارکی ئازادی شاری سلێمانی، مەراسمێکی قەشەنگی سازکرد. مەراسمەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ریزگرتن لەیادی گیانبەختکردوانی ڕیگای بزوتنەوەی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی‌و بە سرودی ئەنتەرناسیۆنال بە دەنگی هونەرمەند مامۆستا نەجم دەستپێکرد. پاشان وتەی حزب لەلایەن بەرپرسی حیزب لە کوردستان سامان کەریمەوە پێشکەش کرا . پاشان مامۆستا نەجم بە سرودی "1ی ئایار" مەراسیمەکەی هەژاند و دواتر زمناکۆ عەزیز وتەی کۆنگرەی ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پێشکەش کرد زمناکۆ عەزیز لە بەشێك لە قسەکانیدا وتی: "دەلین سەرۆك کوردەو رزگارمان بوە، دەلین وەزیری کورد هەن، بەلام کوا مافەکانی خەلك کوردستان؟ کوا حەقی بریاری سیاسی خەلکی کوردستان؟ کوا خواستی خەلکی کوردستان بۆ جیابونەوەو پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ؟ کێ وەلام دەداتەوە بەم مەسائیلانەو دەیان کێشەی تری خەڵکی کوردستان لە ئازادییە سیاسی‌و مەدەنیەکانەوە بگرە تاکو مافەکانی ژنان‌و یەکسانی نیوان ژن‌و پیاو، ئەی ریفراندۆم بۆ خەلکی کوردستان چی لیهات؟... وەلامی ئەم پرسیارانە لە لایەن ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسی شیعی‌و خودی ناسیونالیزمی کوردە، لە ریگای هەلبژاردنە گالتە جاریەکەوە وەرگیرایەوە، ئەویش ئەم

حکومەتە ئیسلامیو قەومییەیە کە تا ئێستا پێی نەگرتەوەو ناپایەدارە، کە تا ئێستا بە تەواوی بۆیان پیکنەهاتووە. وەلامێك کەسەرکوتی هەموو ئەو خواستو ویستانەی خەلکی کوردستانە، کە سەرکوتی خواستی ریفراندۆمو جیابونەوەی کوردستانە، کە بەزۆر لکاندنی کوردستان بوو بە عێراقەوە، کە بەزۆر ڕاکێشانی خەلکی کوردستان بوو بۆ ژێر باڵی ئیسلامی سیاسی، بۆ ژێر باری چاوەڕوانیو دلەڕاوکێ لەشەڕی قەومیو هێرشو پەلامار."

پاشان مامۆستا نەجم گۆرانیەکی قەشەنگی پێشکەش کرد، دواتر ئالا لەتیف وتەی رێکخراوی ئازادی ژنی لە عیراق پێشکەشکرد. دوای ئەوە بەشی دووەمی مەراسمەکە بە ئاهەنگ و هەلپەرکێو گۆرانی ڕازێنرایەوەو لە کۆتاییشدا ئاشتی حسێنو کامەران حسێن کە هەردوکیان پێکەوە بەرنامەی مەراسمەکەیان بەڕیوە دەبرد، سوپاسی کۆمیتەی بەرپاکردنی بە هەموو ئەو کەسانە گەیاند کە کۆمەکیان کردوە لە بە سەرکەوتن گەیاندنی مەراسمەکە و سوپاسی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی سلیمانی کرا بۆ پاراستنی ئەمنیەتی مەراسیمەکەو هەروەها سوپاسی تیپی هاژە کرا بۆ بەشداربونیانو سەرپەرشتی لایەنی فەنی مەراسمەکە. هەروەها لە میانەی مەراسمەکەدا چەند بروسکەیەك گەیشتە مەراسیمەکە لەوانە، حزبی شیوعی کوردستان/ باشور، رادیۆی شارستانی، کۆمەلێك لە کرێکارانی بیناسازی، مامۆستایانی پیشەیی لیژنەی دەربەندیخان، ریکخراوی خوێندکارانی کرانەوەی دیموکراتی.... شایانی ئاماژە پێکردنە کە دەزگاکانی راگەیاندن لەوانە کامێرای تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، تەلەفیزیۆنی زەحمەتکێشانو تەلەفیزیۆنی سوشیالستو رادیۆی شارستانی، ئامادەی مەراسیمەکە بوون. لە کەناری مەراسمەکەشدا پێشانگایەکی فۆتۆگرافی کرابوەوە کە گوزراشی دەکرد لە مێژووچەی 1ی ئایار لە 12 ساڵی ڕابوردوو لە کوردستاندا، کە جێگای سەرنجی ئامادەبوانو بینەرانی پێشانگاکە بوو، هەروەها مێز کتێبی حزب کە بلاوکراوەی ئۆکتۆبەرو بەیانەکانی حیزبی لەسەر دانرابوو لە بەردەم شوێنی هاتنە ناوەوە بۆ جێگای مەراسمەکە دانرابوو.

کەرکوك: بەبۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانیی کرێکارەوە کۆمیتەی کەرکوکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هەستا بەئەنجامدانی کۆمەلێ کارو چالاکی کە پیکهاتبوو لە ڕازاندنەوەی شار و بارەگای حزب بە هەلۆاسینی لافیتەو دروشمەکانی حزب و ئالای سوور، هەروەها سازدانی مەراسیمێك لەباخچەی هۆلی سارا بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی بەرفراوان. مەراسیمەکە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکی ئایار سەرەتا بەسروودی ئەنتەرناسیونال دەستی پێکرد پاشان بەدەقیقەیەك وەستان ڕێز لە یادی گیان بەخت کردوانی ڕێگای سۆشیالیزم گیرا، دوابەدوای ئەوە ڕەمەزان سابیر سکرتێری کۆمیتەی کەرکوك وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد. رەمەزان سابیر لە بەشێك لە قسەکانیدا وتی: "ئەمرۆژە لە شاری کەرکوك گرینگی گەورەی هەیە، چونکە جەژنی کریکار جەژنی هەموو بەشەریەتی ئازادیخوازە، بۆیە ئەمرۆژە بۆ ئیمە پیویستە لە کەرکوك ببیتە رۆژو جەژنگرتنی هاوپشتیمان، هاوپشتی ئینسانیی نیوان کوردو عەرەبو تورکمان، بیکەنە جەژنی سرینەوەی تەفرەقەی قەومیو قەوم پەرستی بیکەنە رۆژی سرینەوەی تەفرەقەی دینیو تائیفەی دینی بکەینە رۆژی هاوپشتیو خۆشەویستی نیوان دانیشتوانی کەرکوك.

رەمزی قوەتی جەژنگرتنی ئەمسالی ئیمە لەشاری کەرکوك سرینەوەی تەفرەقەو ناکۆکی قەومییە، بژی رۆژی 1ی ئایار رۆژو جەژنی پیکەوە ژیانی ئینسانیانەی دانیشتوانی شاری کەرکوك."

پاشان پەیامی ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە لەلایەن محەمەد عەزیز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبەوە خوێندرایەوە دوابەدوای ئەوە بەیانی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکارییەکان لەلایەن ئوسامە سەمیر عەبوود نوێنەری ڕێکخراوەکە لەشاری کەرکوك خوێندرایەوە. دوایین وتە وتەی یەکێتی بێکاران لقی کەرکوك بوو کە جاسم حەسەن سکرتێری ڕێکخراوەکە لەشاری کەرکوك پێشکەشی کردو تیایدا وتی: "ئەگەر ڕێم بدەن، ووتەکەم بە دروشمی "مسوگەرکردنی مافی کار مسوگەر کردنی مافی ژیانە" دەستپێدەکەم. ئێمە لەکاتێکدا یادی ئەم روژە دەکەینەوە کە خەلکی عیراق لەسایەی بارودوخیکی دلتەزین وناهەمواردا دژین کە کوشتن و تەقینەوەو رفاندن و هەرەشەو تیرور بوە بەدیاردەیەکی روژانەی ئەم کومەلگایە کە ناکری خومانی لی لابدەین یان جیایی کەینەوە لە ژیانی هەر کەسیك کە لە عیراق دەژی. ئەگەر لەم کۆمەڵگایەدا هەموو ساتێك هەرەشە لەمافی ژیانمان بکری چون دەتوانین سادەترین مافەکانی ترمان دەستەبەر بکەین و بیپاریزین. لەراستیدا روزانە مافەکانمان پیشێل دەکری لەلایەن هیزەکانی داگیرکاری ئەمریکا وتیرورزمی ئیسلامی سیاسی وباشماوەکانی بەعسەوە، ئەمان لەلایەك وئەحزابی قەومی وتائیفی لەلایەکی ترەوە، مافی کار کردن یەکیکە لەگرنگترین ئەو مافە پیشیلکراوانەی خەلکی ئازادی خوازی عیراق کەرادەی بیکاری گەیشتووتە ئاستیك زیاتر لە(80٪) خەلکی عیراقی گرتوتەوە."

هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا مەراسیمەکە بەچەند پارچە شیعری کرێکاری کوردی و عەرەبی لەلایەن ئازاد مەجید ئەندامی کۆمیتەی کەرکوك و عەدنان هاشم کادری حزبەوە ڕازێنرایەوە دوابەدوای ئەمانەش شانۆگەرییەك بەناو نیشانی "ڕێگەچارە" لەلایەن تیپی شانۆی پەیمانگای

تەکنیکییەوە نمایش کرا، کە لە لایەن شێرکۆ محەمەدەوە سەرپەرشتی دەکرا. شایانی باسە مەراسیمەکە لەنێو شۆڕوشەوقی ئامادەبوان و بە گۆرانیو هەڵپەرکێ کۆتایی پێ هێنرا. جێگای ئاماژەپێکردنە کە کامێرای چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئامادەی مەراسیمەکە بوون.

هەولێر: لەشاری هەولێر لە ڕۆژی 1ی ئایاردا لە هۆڵی میدیا کۆمیتەی هەولێری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق هەستا بەرێکخستنی مەراسمێك کە تیایدا ڕێبوار عارف وتەی حزبی پێشکەش کرد. ڕێبوار عارف لە بەشێك لە قسەکانیدا وتی: "ئیمە لە کاتیکدا رۆژی یەکی ئایار بەرزو بەریز رادەگرین کە عیراق بە تونیلی کارەساتو تراژیدیایەکی گەورەدا تیپەردەبیتو دوو بەرەی تیرۆریستو دژی خەلك ژیانو گوزەرانیان بە تایبەت لە خەلکی ناوچەکانی ناوەراستو خواروی عیراق تال کردوە. روخانو گۆربەگورکردنی ئەو بەعسەی کە دەیان سال بوو بە زمانی ئاگرو ئاسن دەدواو ستەمو چەوسانەوەی کردبووە رمزی ژیانی خەلکی عیراق خەونی دیرینەی هەمووماں بوو، بەلام نانو ئازادیو بەختەوەریو ژیانیکی شایستە بە ئینسان بۆ خەلکی دەستەبەر نەکرا. بەپیچەوانەی ئیدعاکانی ئەمەریکا لیدانی حکومەتی عیراق نەك هەر نەبووە هۆی دەستکۆتاکردنی تیرۆریستانو ئیسلامی سیاسی بەلکو بە کردەوە چ لە ناوخۆی عیراقو چ لە ئاستی سەرتاسەری جیهاندا تیرۆریزمی ئیسلامی چەند بەرابەر پەرەی سەندو فراوانتر بووەوەو سیناریویەکی رەشیان لەم کۆمەلگایەشدا دروست کرد."

پاشان پەیامی ریبوار ئەحمەد سەبارەت بە 1ی ئایار لەلایەن یوسف قادر کادری حیزبەوە خویندرایەوەو دواتر ساکار ئەحمەد وتاری ڕیکخراوی ئازادی ژنی لە عێراق پێشکەشکرد(وتەی ساکار ئەحمەد لە ژمارەی داهاتوی یەکسانیدا دیّت)، پاشان بەشدار عەلی کادری حزبو خوێندکاری زانکۆی صەلاحەدین وتەیەکی پێشکشەکرد کە تیاید وتی: "لاوانی کوردستانیش لە چەندین سالّی رابردوودا, وەزعیان باشتر نەبووە, ئارەزوەکانی لاوان لەناو داب و نەریتی دواکەوتوانەو هەژاری و نەداری کەمەرشکێندا وردبوون , بەلّگەکان پیمان دەلین چۆن گەورەترین سوکایەتی بە شعور و هەستی لاوان کراوە, ئەگەر کوڕ و کچێك بە یەکەوە بوبن گیراون و براونەتە پۆلیسخانەو نەخۆشخانە بۆ لێکۆلّینەوە و فەحس, لە زانکۆکان بە بڕیار جلو بەرگی مۆدیلی پێشکەوتوانەو دلّخوازی لاوان قەدەغە کرا, بەلّام حیجاب و ڕیش و عەمامە ستایش کرا, تیزاب کرا بە دەست وقاچی ئەو کچانەی مەدەنی پۆش بوون, هەژاری لاوانی تا ئەو پەڕی رادە زەبون کرد. هەمان یاسای ئیسلامیو پیاوسالارانەی ئەحوال شەخسی و سزاکانی رژێمی بەعس کاریان پێکرا , لە پەیڕەوی ئەم یاسایانەدا لە ماوەی 15 سالّی رابردوو هەزان هەزار ژن لە ژێر بەهانەی پاراستنی ناموس و شەرەفدا کوژران و زیندانی کران و زیندە بەچالّ کران بە هەزارانی دیکەش ناچار بە خۆکوژیو خۆسوتاندن کران...

زۆرن ئەو کچ و کوڕە لاوانەی هەر دەقەو سەعاتە هەزاران جار ئاوات بەوە دەخوازن کە لە سایەی هەلومەرجێك بژین کە بتوانن ئازادانە تەعبیر لە خۆیان بکەن, ئاوات بەوە دەخوازن کە لەم کۆمەلّگا تەقلیدی و بێئومێدی و بێدەرەتانیە رزگاریان بێت , کۆمەلّگایەك بە چاوی خۆیان ببینن کە تاجی خۆشبەختیو ئازادی و یەکسانی بنێتە سەر هەمویان. ". لەنیوان وتەکاندا گۆرانیەکان مەراسیمەکەیان دەڕازاندەوە، بەشی دووەمی مەراسمەکە ئاهەنگو گۆرانیو هەلپەرکێ بوو، لەکۆتایی مەراسمەکەدا کە هاوڕی هاوکار بەڕێوەی دەبرد سوپاسی هەموو ئەو لایەنو کەسانە کرا کە کۆمەکیان کردوە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی مەراسیمەکە، هەروەها سوپاسی تیپی مۆسیقای "ئاواز"ی کرد بۆ سەرپەرشتی لایەنی فەنی مەراسیمەکە. لە هۆلەکەدا میز کتابی حیزب دانرابوو کە ئۆکتۆبەرو بەیانو ڕاگەیاندنەکانی حیزبی لەسەر بوو. شایانی باسە کە رادیۆکانی زەحمەتکێشانو ئاشتیو حیزبی شیوعی لە ڕۆژەکانی پێش 1ی ئایاردا چەندین جار ڕاگەیاندنی بەرپاکردنی مەراسمەکەیان خوێندبووەوە.

ڕانیە: لە ڕۆژی 1ی ئایاردا کۆمیتەی پشدەری حیزب مەراسمێکی ڕێکخست، هەر لەسەرەتای مەراسمەکەداو دوای بەخێرهاتنی ئامادەبوان لە لایەن کامەران حسێنو ئاشتی حسینەوەو سرودی ئەنتەر ناسیونال لەلایەن مامۆستا نەجمەوە، تەرزەو بارانێکی بەهێز باری کە ڕیگەی نەدا مەراسمەکە کە لە گۆرەپانێکدا سازدەکرا بەردەوام بێت، شایانی باسە کە لەشاری ڕانیە تاکە هۆلێك هەیە ئەویش لە ژێر تەعمیردا بوو، بۆیە بواری ئەوە نەبوو کە بگوازرێتەوە بۆ جێگایەکی تر. پاش ئەوە بەداوای لیبوردن لە ئامادەبوان کۆتایی بە مەراسمەکە هێنرا. جێگەی ئاماژەپێکردنە کە شاری ڕانیە بە لافتە سورەکانی حیزب ڕازینرابووەوە کە سەرنجی دانیشتوانی شارەکەی ڕاکێشابوو.

بۆ بینینی وێنەی مەراسیماکانی 1ی ئایار کلیکی ئێرە بکە